# پارێزگای سلێمانی

کۆدی پرۆژە [SUL. G. (٢٠٣٨)] ساڵی ٢٠١٧

کەمکردنەوەی نهێنی / بانگێشتی (کراوە)

## بۆ پرۆژەی :کاری پاککردنەوە بۆ نەخۆشخانەو مەڵبەندە (٢٤) کاتژمێری و دامەزراوە تەندروستیەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەڵەبجە.

**پارێزگای سلێمانی** بانگهێشتی کراوە بۆ سەرجەم کۆمپانیا وبەڵێندەران دەکات کە ئارەزووی بەشداری کردنیان هەیە بۆ ئەم کەمکردنەوە نهێنییە. جا هەر بەڵێندەرێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لەم کەمکردنەوەیە با سەردانی بینای پارێزگای سلێمانی (کاروباری هونەری/ب. گریٚ بەستەکان/ فرۆشتنی تەندەر) بکات لە نهۆمی زەمینی بە مەبەستی وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٢٠٠,٠٠٠) دووسەد هەزار دیناری عێراقی کە ناگەڕێتەوە بۆ بەڵێندەر کرێی بڵاوکردنەوەی ئاگاداری ئەم بانگەوازە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو بەڵێندەرەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.

١- وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی (٢٠١٧/٠١/٣٠) دەست پیٚ دەکات تا ڕۆژی (٢٠١٧/٠٢/١٨) لەکاتژمێر (٩) ی سەر لە بەیانی تا کاتژمێر (١٢:٠٠) ی نیوەڕۆ .

٢- ڕۆژانی گەڕاندنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت تا (٢١/ ٠٢/ ٢٠١٧) کاتژمێر (١٢:٠٠) ی نیوەڕۆ دەبێت .

٣- ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر لە ڕۆژی ( ٢٢ / ٠٢ /٢٠١٧ ) کات ژمێر ( ٩ ) پێش نیوەڕۆ دەبێت.

٤- هەر ڕۆژێك لەو بەروارانەی لە سەرەوە دەست نیشان کراوە بوو بە پشوی ڕەسمی بە هەر هۆیەکەوە بێت, ئەوا یەکەم ڕۆژی دەوام دوای پشوەکە دەبێت.

٥- ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە بریتیە لە : (٣٦٥) سیٚ سەدو شەست و پێنج ڕۆژی ڕۆژمێری.

٦- پێویستە بەڵێندەر لەکاتی نەگەڕاندنەوەی تەندەر نامەی لێبوردن (اعتذار) پێش کەش بکات وەتیایدا هۆکاری نەگەڕاندنەوەی تەندەرەکە دیاری بکات.

٧- پێوستە بەڵێندە لە کاتی گەڕاندنەوەی تەندەر ئیمەیڵ (email) ی تایبەت بەخۆی پێشکەش بکات

٨- پێویستە لەسەر بەڵێندەر پابەندی ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان ژ(٢) ی ساڵی (٢٠١٦) بێت.

٩- پێویستە کۆمپانیاکان لەدوای بەرواری پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بە بەردەوامی سەردانی کاروباری یاسا بکەن لە ب. گرێبەستەکانی پارێزگا بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری لەسەر ئەسپاردەکردنی پرۆژەکە ، پاڵپشت بەمادەی (٣٧) برگەی (٢) لە ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان ژ(٢) ی ساڵی (٢٠١٦).

١٠- کۆمپانیا بۆ هەر پرسیارو ڕوونکردنەوەیەك لەسەر دەرخستەی پرۆژەکە دەتوانێت سەردانی ب. ت. هەڵەبجە بکات.

## ((مەرجەکانی بەشداری کردن))

١- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرە ناوخۆیانەی بەشداری دەکەن پێویستە بڕوانامەی دامەزراندنی کۆمپانیا بۆ بازرگانی گشتی و خزمەتگوزاری پاککردنەوە / سنوردار یان لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەبیت و پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆماری کۆمپانیاکان کرابێت و پێناسی ژووری بازرگانیان هەبێت وماوەی بەسەر نەچوبێت .

٢- ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرە نیشتمانیانەی کە لە دەرەوەی هەرێمن پێوستە تۆماربن و پشتگیری کردنەوەی لقیان هەبێت لە لایەن وەزارەتی بازرگانی هەرێم .

٣- ئەو کۆمپانیا بیانیانەی کە بەشدار دەبن پێویستە بڕوانامەی دامەزراندنی لقیان هەبێت لەلایەن وەزارەتی بازرگانی هەرێم .

٤- هیچ تەندەرێك لە دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و صندوقی تەندەر دادەخرێت .

٥- ئەستۆ پاکی باجی دەرامەت بهێنن .

٦- بارمتەی سەرەتایی / بەڵێننامەی نوسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر .

٧- بەڵێندەر یان کۆمپانیا ئامادەی کردنەوەی تەندەر بێت یان نوێنەرێك بە نووسراوی فەرمی دیاری بکاتو ئامادەبێت ,ئەگەر ئامادەش نەبێت پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت .

٨- پارێزگای سلێمانی پابەند نی یە بە کەمترین نرخ.

٩- ماوەی بەسەرچوونی تەندەر (٩٠) ڕۆژە لەدوای بەرواری داخستنی صندوقی گەڕاندنەوەی تەندەر.

١٠- دوای داخستنی صندوقی تەندەر هیچ نامەیەکی خۆپارێزی ( تحفظ ) کاری لەسەر ناکرێت و ڕەت دەکرێتەوە.

١١- پارێزگای سلێمانی مافی هەڵوەشاندنەوەی پرۆسەی تەندەری هەیە پێش دەرچونی فەرمانی سپاردن .

سەردار قادر علی

ل. پارێزگاری سلێمانی

٢٠١٧/٠١/

وێنەیەك بۆ:

- بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا.
- وەزارەتی دارایی و ئابووری / ب . گشتی ژمێریاری/ گەنجینەی ٢/ سلێمانی /بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر/ هەروەها لە کاتی شیکردنەوەو سپاردن.
- ب.گ.تەندروستی هەڵەبجە / بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر/ هەروەها لەکاتی شیکردنەوەو سپاردن.
- ب . گریٚ بەستەکان / کاروباری یاسا / بۆ کاری پێویست .
- کاروباری هونەری/ ب. پلان و بەدواداچوون/ بۆ زانیاریتان.
- سایتی پارێزگا .
- ب . ژمێریاری / لەسەر بودجەی ئاسایی وەزارەتی تەندروستی / ب.گ. تەندرمستی هەڵەبجە .
- یەکێتی بەڵێندەران/ بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لەکاتی کردنەوەی تەندەر.
- فەرمانبەری تایبەت بەکاری بڵاوکردنەوە لەڕۆژنامەو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، بۆ کاری پێویست.
- سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەر.
- بەشی IT.
- بۆ بینینی ئەم بانگەوازە سەردانی ماڵپەڕی www.slemani.gov.krd بکە .
- بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر لەسەر تەندەری پرۆژەکە پەیوەندی بە ژمارە تەلەفۆنی (٠٥٣٣١٩٣٩٧٣) وە بکەن لە پارێزگا / کاروباری تەندەر یان email: ps.tendering@yahoo.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئامادەکردنی بانگەواز | ئە. ئامادەکردنی تەندەر | ئە. چێکی تەندەر | ل.تەندەر |
| ئەڤین محمود | | | ئاسۆ علی قادر |

# پـــارێزگای سلێمانی

**کۆدی پرۆژە [(SUL. G. ٣٠٣٩)] ساڵی ٢٠١٧**

**کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی (کراوە)**

## بۆ پرۆژەی: - دروست کردنی خواردنی بەندییەکان (ڕاگیراوان) بەشی پۆلیسی گرتن و گواستنەوەی سلێمانی.

**پـــارێزگای سلێمانی** بانگهێشتی کراوە بۆ سەرجەم کۆمپانیا وبەڵێندەران دەکات کە ئارەزووی بەشداری کردنیان هەیە بۆ ئەم کەمکردنەوە نهێنییە. جا هەر بەڵێندەرێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لەم کـــەمکردنەوەیە با سەردانی بینایی پـــارێزگای سلێمانی (کاروباری هونەری/ ب.گرێ بەستەکان/ فرۆشتنی تەندەر) بکات لە نهۆمی زەمینی، بە مەبەستی وەرگرتنی تەندەر بەرامبـــەر (٢٠٠,٠٠٠) دوو سەد هەزار دیناری عێراقی کە ناگەڕێتەوە بۆ بەڵێندەرو کرێی بڵاوکردنەوەی ئاگاداری ئەم بانگەوازە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو بەڵێندەرەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت..

١- وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی (٢٠١٧/٠١/٣٠) دەست پێ دەکات تا ڕۆژی (٢٠١٧/٠٢/١٩) لەکاتژمێر (٩) ی سەر لە بەیانی تا کاتژمێر (١٢:٠٠)ی نیوەڕۆ .

٢- ڕۆژانی گەڕاندنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت تا (٢٢/ ٠٢/ ٢٠١٧) کاتژمێر (١٢:٠٠) ی نیوەڕۆ دەبێت .

٣- ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر لە ڕۆژی ( ٢٣/ ٠٢ /٢٠١٧ ) کات ژمێر ( ٩ ) پێش نیوەڕۆ دەبێت.

٤-ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە بریتیە لە : (٣٦٥) سێ سەدوشەست و پێنج ڕۆژ ( ڕۆژمێری ) .

٥- هەر ڕۆژێك لەو بەروارانەی لە سەرەوە دەست نیشان کراوە بوو بە پشوی ڕەسمی بە هەر هۆیەکەوە بێت, ئەوا یەکەم ڕۆژی دەوام دوای پشوەکە دەبێت.

٦- پێویستە بەڵێندەر لە کاتی نەگەڕاندنەوەی تەندەر نامەی لێبوردن ( اعتذار ) پێش کەش بکات وە تیایدا هۆکاری نەگەڕاندنەوەی تەندەرەکە دیاری بکات .

٧- پێوستە بەڵێندە لە کاتی گەڕاندنەوەی تەندەر ئیمەیڵ (email) ی تایبەت بەخۆی پێشکەش بکات

٨- پێویستە لەسەر بەڵێندەر پابەندی ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان ژ(٢) ی ساڵی (٢٠١٦) بێت.

٩- پێویستە کۆمپانیاکان لەدوای بەرواری پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بە بەردەوامی سەردانی کاروباری یاسا بکەن لە ب. گرێبەستەکانی پارێزگا بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری لەسەر ئەسپاردەکردنی پرۆژەکە وپاڵپشت بەمادەی (٣٧) برگەی (٢) لە ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان ژ(٢) ی ساڵی (٢٠١٦).

١٠- کۆمپانیا بۆ هەر پرسیارو ڕوونکردنەوەیەك لەسەر دەرختەی پرۆژەکە دەتوانێت سەردانی ب.. پۆلیسی پارێزگای سلێمانی بکات.

## ((مەرجەکانی بەشداری کردن))

١- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرە ناوخۆیانەی بەشداری دەکەن پێویستە بڕوانامەی دامەزراندنی کۆمپانیا بۆ بازرگانی گشتی و خزمەتگوزاری ئامادەکردنی خواردن / سنوردار یان لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەبیت وپشتگیری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆماری کۆمپانیاکان کرابێت و پێناسی ژووری بازرگانیان هەبێت وماوەی بەسەر نەچوبێت .

٢- ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرە نیشتمانیانەی کە لە دەرەوەی هەرێمن پێوستە تۆماربن و پشتگیری کردنەوەی لقیان هەبێت لە لایەن وەزارەتی بازرگانی هەرێم .

٣- ئەو کۆمپانیا بیانیانەی کە بەشدار دەبن پێویستە بڕوانامەی دامەزراندنی لقیان هەبێت لەلایەن وەزارەتی بازرگانی هەرێم.

٤- ئەستۆ پاکی باجی دەرامەت بهێنن .

٥- هیچ تەندەرێك لە دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و صندوقی تەندەر دادەخرێت .

٦- بارمتەی سەرەتایی / بەڵێننامەی نوسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر .

٧- پێویستە بەڵێندەر یان کۆمپانیا ئامادەی کردنەوەی تەندەر بێت یان نوێنەرێك بە نووسراوی فەرمی دیاری بکات و ئەگەر ئامادەش نەبێت پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت .

٨- پارێزگای سلێمانی پابەند نی یە بە کەمترین نرخ

٩- ماوەی بەسەرچوونی تەندەر (٩٠) ڕۆژە لەدوای بەرواری داخستنی صندوقی گەڕاندنەوەی تەندەر.

١٠- دوای داخستنی صندوقی تەندەر هیچ نامەیەکی خۆپارێزی ( تحفظ ) کاری لەسەرناکرێت و ڕەت دەکرێتەوە.

١١- پارێزگای سلێمانی مافی هەڵوەشاندنەوەی پرۆسەی تەندەری هەیە پێش دەرچونی فەرمانی سپاردن .

سەردار قادر علی

ل. پارێزگاری سلێمانی

٢٠١٧/٠١/

وێنەیەك بۆ

- بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا
- وەزارەتی دارایی و ئابووری / ب . گشتی ژمێریاری/ گە نجینەی ٢/ سلێمانی /بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر/ هەروەها لە کاتی شیکردنەوەو سپاردن.
- ب. پۆلیسی سلێمانی / بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر / هەروەها لە کاتی شی کردنەوەو سپاردن .
- کاروباری هونەری/ ب. پلان و بەدواداچوون/ بۆ کاری پێویست .
- سایتی پارێزگا .
- ب . ژمێریاری / وەزارەتی ناوخۆ / پۆلیسی پارێزگای سلێمانی ٢٠١٧.
- یەکێتی بەڵێندەران/ بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لەکاتی کردنەوەی تەندەر.
- فەرمانبەری تایبە تمەند بەکاری بڵاوکردنەوە لەڕۆژنامەو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، بۆ کاری پێویست.
- سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەر.
- بەشی IT.
- ب.تەکنەلۆجیای زانیاری.
- بۆ بینینی ئەم بانگەوازە سەردانی ماڵپەڕی www.Slemani.gov.krd بکە .
- بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر لەسەر تەندەری پرۆژەکە پەیوەندی بە ژمارە تەلەفۆنی (٠٥٣٣١٩٣٩٧٣) وە بکەن لە پارێزگا / کاروباری تەندەر یان email: ps.tendering@yahoo.com

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ئامادەکردنی بانگەواز | ئە. ئامادەکردنی تەندەر | ئە. چێکی تەندەر | ل. تەندەر | |
| ئەڤین محمود | | دەرون اسماعیل | ئاسۆ علی قادر | |
| | ٢٠١٧/١/٢٩ | ٢٠١٧/١/٢٩ | ٢٠١٧ | |